گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (شمشێری مووسا)ی سابیر ڕەشید دا

**دەرسیم سعید شەریف**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان
darsim.saeed@koyauniversity.org

**پ.ی.د. ازاد محمد سعید**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان
azad.mohammed@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١٠/٣٠
پەسەندکردن:٢٠٢٢/١٢/١٤
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٢

*Sabir Rashid,*
*Novel,*
*The sword of moses,*
*Social issues,*
*social values*
**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.21

## پوختە

بە درێژای ژیانی مرۆڤایەتی و لە پاش دروستبوونی کۆمەڵگە جیاوازەکان، هەر کۆمەڵگایەک بوو بە خاوەن بەها و پرەنسیب و ڕەوشتی تایبەت بە خۆی، هەر لادانێکیش لەم پرەنسب و بەهایانە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە وگرفتی کۆمەڵایەتی و تاک ڕووبەڕووی ڕەخنە و کێشە دەکاتەوە، چونکە بەشێک لەو بەها کۆمەڵایەتیانە ڕەهەندی نەتەوەیی و ئاینی و پەروردەییان هەیە کە دەبنە هۆی سەقامگیر و ئاسوودەیی بۆ کۆمەڵگا بەگشتی.بەڵام هەندێکی گیروگرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی هەی کە دەبێتە بگۆڕدرێت یاخود دووبارە بەشێوەیەک ڕێکبخرێتەوە، کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان بگونجێت، نەک تەنها بەهۆی پابەندی بە کلتور و دابونەریتە کۆنەکانەوە کێشەو گرفتەکان ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا تێکبدەن.ڕۆمان وەک ژانرێکی سەرەکی ئەدەب، ژانرێکی لەبارە بۆ تێگەیشتن و ناسینی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگا جیاوازەکانی دنیا، لە نێو ئەدەبی کوردیشـــدا ڕۆمانەکانی سابیرڕەشید وەک ئاوێنەیەک وێنەی گەورەی کۆمەڵگای کوردی پیشان دەدات و ســـەرجەم گیروگرفت و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە بێ لایەنگیری و دەمارگیریی نەتەوەیی دەخاتە ڕوو.

## 1. پێشەکی :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـانی (کێشـە و گیروگرفت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی شـمشـێری مووسای سـابیر ڕەشـید )دا. لە دوو بەش پێکدێت،لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە لەسـەر خستنە ڕووی دوو بابەتی گرنگی نێو ڕۆمانەکانی سـابیر ڕەشـید، ئەویش (کێشـەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان) و (بەها کۆمەڵایەتییەکان).کە بەم جۆرە ڕێکخراوە:

بەشـــی یەکەم : ئەم بەشـــە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە :تەوەرەی یەکەم ناســـاندی زاراوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و کورتەیەکی مێژوویە،لەگەڵ باسکردن ڕەخنەی کۆمەڵایەتی،تەوەرەی دووەم باسـکردنە لە بەها کۆمەڵایەتییەکان.

بەشی دووەم: ئەم بەشـە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە :تەوەرەی یەکەم باسـکردن لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی شـمشـێری مووسـا دا، هەروەها لە تەوەرەی دووەم باسـکردنە لە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردی و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکانی ســابیر ڕەشــید دا. دواتر بە چەند خاڵێک ئەنجامە بەدەسـتهاتووەکانمان نووسـیوە و لە کۆتایدا ئاماژەمان بە لیسـتی سـەرچاوە سـود لێوەرگیراوەکان کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ناونیشانی لێکۆڵینەوە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشان (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (شمشێری مووسا)ی سابیر ڕەشید ) دا

سنوری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیەکە. تەنها ڕۆمانی( شمشیری مووسا)ی سابیر ڕەشیدە،چونکە جگە لەم ڕۆمانە ڕۆماننووس دوو ڕۆمانی دیکەی هەیە.بە ناوی (کوێرەی چاوساغ، کتێبفرۆش ).

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ئەم لێکۆڵینەوە بەپێویسمان زانیووە سود لە هەردوو میتۆدی (وەسفی_ شیکاری )وەربگرین،تا لە ڕێگەی میتۆدی وەسفییەوە سەرجەم ڕەهەند و گیروگرفت و کێشە و بەها کۆمەڵایەتییەکان باسبکرێت،هەروەها لە ڕێگەی میتۆدی شیکارییەوە پراکتیزەی لایەنە تیۆریەکان بکەین لە ڕۆمانی شمشێری مووسا دا.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵدانە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێک و دەرخستنی نەزانراوێک،ئەم توێژینەوەیش گرنگی بە دەرخستنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە و گرفت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی داوە لە ڕێگەی خستنەڕوویان لە ڕۆمانەکانی سابیر ڕەشیددا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم: تەوەرەی یەکەم / مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

### - زاراوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

دەربارەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دوو زاراوە زۆر بەکاردەهێنین، کە ئەوانیش(سۆسۆلۆژیای ئەدەب)و(ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)بۆیە (جان ئیڤ تادییە) بەم جۆرە پەیوەندی نێوان ئەو دووچەمکە ئاشکرا دەکات"سۆسۆلۆژیای ئەدەب بۆ چەند بەشێك دابەش دەبێت کەڕەخنەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بەشانەی سەرەکیترین کارەکانی بریتییە لە توێژینەوەی دەق"(تادییە، ١٩٩٣، ٢٢٦) هەربۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بەشەگرینگەکانی سۆسۆلۆژیای ئەدەب و پێگەیەکی بنەرەتی لە کردارە ڕەخنەییەکاندا هەیە، ئەگەر ئەدەب بەئەرکی خۆی هەڵبستێت و ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکات ئەو کاتە پێویستە لە سۆسۆلۆژیای ئەدەبدا بەدوای ئەو ئەرکەدا بگەڕێین و ئەو دیاردانە ئاشکرابکەین کە لە کۆمەڵگەدا هەن شێوەی زۆریان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو دیاردانە دووبارەبێت یان هیچ نەگۆڕێت ئەو کاتە ڕەنگە دەقی ئەدەبی نەتوانێت مەبەستی خۆی بگەیەنێت زۆرجاران گواستنەوەی وێنەیەکی دەقاودەق وبێگیانی ناو کۆمەڵ ناتوانێت رەهەندە ئیستاتیکی و سۆسۆلۆژیا و سایکۆلۆژیاکانی ناو دەقە ئەدەبییەکەمان بۆ ئاشکرابکات، لێرەدا"نوسەری ڕاستگۆ واقیع وەك خۆی نیشان نادات، نووسەر دێت بە هۆشیارییەوە ئەو جیهانە نوێیە وێنە دەکێشێت کە خەوی پێوە دەبینێت. ئەدەب بۆخۆی ئەو پردەیەکە واقیعی کۆمەڵگاو دنیای تاك پێکەوە دەبەستێت و ئەو کردەیە لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت"(صالح، ٢٠١٠، ٦).

### _ مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

لەباسکردنی مێژووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم متێۆدە لە ئەنجامی گۆرانکارییەکانی ژیان و کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵ و گۆڕانکاری لە بەها کۆمەڵایەتییەکان و لایەنە باش و خراپەکانی ناو کۆمەڵگا دەرکەوت، هەروەها گۆڕانی کۆمەڵگاکان لە دواکەوتووییەوە بەرەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باشتر لە هەموو لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی ــ ئابووری ــ سیاسی ڕامیاری) ئەمانە هەموو بوون بە هۆی سـەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەک لقێک لە ڕەخنەی ئەدەبی دەرکەوت، ئاشکرایە ئەدەب و ڕەخنە دوو دیاردەی هەست پێکراووی ژیانن و ڕەخنەگرانیش وەك تاکێکی هۆشیار و بەئاگای ناو ئەو ژیانە هەوڵیانداوە ئەدەبەکەیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کۆمەڵگاکەیانی تێکەوتووە لەهەر ڕوویەکەوە بێت بگونجێنن.

لەباسـکردنی مێژووی سـەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵەیەتی دەگەڕێنەوە مێژووی سـەرهەڵدانی و زەمینەی متیۆدی ڕەخنەی مێژوویی، چونکە متیۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە منداڵدانی متیۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە پەیدابووە و نەشـانمای کردوە یان بەلای هەندێ لە ڕەخنەگرانەوە بەشـێکە لە متیۆدی ڕەخنەی مێژوویی، هەر بۆیە ئاراسـتەکانی رەخنەی کۆمەلایەتی پەیوەسـتە بە نوسـینەوەی مێژوو لە دوایـدا بە ئـاراســتەیەکی تر کـاری دەکرد خۆی لە متیۆدە مێژووییەکە ڕزگار کردو وەك متیۆدێکی سـەربەخۆ خاوەن چەمك زاراوە و ئەرکی خۆی هەنگاوی بەرەو پێشـەوەناوە ئەوەش وا ئاسـان نەبووە یەکسـەر هەنگاوبنێ بۆ متیۆدێکی سـەربەخۆو پێشـکەوتوو، تاکو قۆناغ بە قۆناغ لە ناوکۆمەڵگاکاندا وردە وردە بەرەو پێشـەوە چووە ئەوەشـی لەئەنجامی پێشـکەوتنی کۆمەڵگاوە زیاتر بەدەردەکەوێـت کەلە کۆنـدا مرۆڤەکـان دەچەوسـێنرانەوە وەکۆیلەبوون ئـاغـاو دەسـەڵاتـداران دەسـەڵاتیان بەسـەر خەڵکدا دەگرت وردە وردە کۆمەڵگاکان لە سـەردەمێکەوە بۆ سـەردەمێکی تر بەرەوپێشەوە دەڕۆشتن هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری و داهێنانی ئەدەبی لەپێش سەدەی هەڤدەی زاینی لە ڕوانگەی مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کاتەی ڕۆژئاوا کارێکی قورس و ئەسـتەم بوو، چونکە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان نەگۆڕبون، بەجۆرێك هەمان بونیادە کۆمەڵایەتییەکان لەسـەر دەمەکاندا دووبارە دەبونەوە، هەروەها ڕێگەیان نەدەدا کە مرۆڤ بەشێوەیەکی عاقڵانی سەرنجی سیستەم و دیاردەکانی کۆمەڵ بدات.(ابوشـقرا، ٢٠٠٥، ٥١)بێگومان گۆڕینی کۆمەڵگا، بەدەرکەوتنی ڕێنیسـانس لە ئەوروپا دەسـتی پێکرد، کە بەسـەردەمی ڕۆشـنگەری لە ئەوروپا ناسـراوبوو سـەردەمێکی تازە هاتە ئاراوە،کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواو جیاواز بوو لەسەردەمی پێش خۆی کە بەسەردەمی( تاریك) بەناوبانگ بوو، سەردەمی ڕێنیسانس سەرەتای کرانەوەی دنیا بوو بەڕووی توێژەران و ڕەخنەگران و ئەوانیش هەوڵی گفتوگۆو زیاتر تێگەیشتن لە بابەتە ئەدەبییەکان و بە ڕەخنەی ئەدەبیشەوە ئەمەش بوە هۆی گەشەکردنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپادا.

کەواتە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ئەم متیۆدە لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم یەکەم هەوڵێك لە ئەدەبی فەرەنسایی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی (مەدام دی ستایل )لەساڵی( ١٧٦٦- ١٨١٧ ) لە کتێبەکەی بەناوی(پەیوەندی ئەدەب بەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە).لێرەوە "ئەو بنەمایەی هێنایە ناوەوە کە دەڵێت ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە ئاسان نییە متیۆدی کۆمەڵایەتی بگێڕنەوە بۆ کتێبێك یان دوکتێب، بەڵکو وای دەبینین بەرهەمی پەرەسەندنە مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەکەیەتی" (قەتوس، ٢٠١١، ٤١).دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین کە یەکێك لە بنەما بیرومەعریفەکانی ئەم متیۆد، فەلسەفەی ڕەوشتگەرایی یە، چونکە لەدیدو ڕوانینی لایەنگرانی فەلسەفەی ڕەوشتگەرای پەیوەندی مرۆڤ بەدەوروبەرەکەیەوە پەیوەندییەکی بابەتیانەیە، هۆشیارییەکی گرنگە کە ڕەنگدانەوە و ئامادەبوونی مرۆڤە لە جیهانی دەقی ئەدەبیدا کە دەقە ئەدەبیەکەش بەشێکی گرنگە لە زیندوبوونی مرۆڤایەتی کەپەیوەندی بەلایەنی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی ) یەوە هەیە، کەئەمانەش هەمووی خاڵی پێکەوە بەستراوی نێوان فەلسەفەی ڕەوشتگەرایی و متیۆدی رەخنەی کۆمەڵایەتییە مەدام دی ستایل لە کتێبەکەیدا هەڵوێستی خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێت "زۆر پێویستە تەماشای ئەوە بکەین کە ئایین و نەریت و یاساکان تاچەند کار لەئەدەب دەکەن و ئەدەبیش لەلای خۆیەوە تا چ ئەندازەیەك کار لە ئایین و نەریت و یاساکان دەکات"(ئەسوەد، ٢٠٢٠، ١٠٣)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەدام دی ستایل هەستی بەکاریگەری ژینگە و ئاوهەوا بەسەر پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژیانی کۆمەڵانی ئادەمیزاد هەیە کردوە بەمەش توانی ئایدیایەکی نوێ بەرەو جیهانی دەرەوەدا بکاتەوە بەسود وەرگرتن لە هەموو چەمکە مەعریفییەکانی خۆی" بەڵام نەیتوانی بەڕوونی دیاریکراوی ئەرک و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، یان ئەو پەیوەندییەی هەردوولایان پێکەوە کۆدەکاتەوە، دیاری بکات"(ئەسوەد، ٢٠٢٠، ١٠٣). دواتر ئەم ڕوانین و بۆچونانە پەیتا پەیتا گەشەکردنیان بەخۆیانەوە بینیوە.

(تین)یەکەم ڕەخنەگرێك بوو کەباسی لەپەیوەندی نێوان هونەرمەند و کۆمەڵگاکەی دەکرد هەروەها ژینگە و ئاوهەواو کۆمەڵگای بەیەکسانی دابەش دەبێت سەرەرای ئەم بیروباوەڕانەی تین بەتایبەت بەژینگە کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی واقیع و کۆمەڵگایە کە هەنگاوبنێت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر واتە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر.(تین) هەوڵی دەدا کۆمەڵێك یاسا بۆئەدەب دابرێژێت تا لە ڕێگەیەوە بتوانرێت شیکردنەوەی کاری ئەدەبی بکرێت هەندێ لە یاساکانیشی بەسەر هەندێ بەرهەمدا چەسپاند. ئەگەر بیانەوێت وردتر و ڕونتر زەمینەی مەعریفی و بنەمای فەلسەفی و دیارترین پێشەنگەکانی دەست نیشان بکەین دەبێ ئاماژە بەباڵەکانی ئەم متیۆدە ڕەخنەییە بکەین، چونکە ئەم متیۆدە ڕەخنەییە لە ناوخۆدا چەند لقێکی لێدەبێتەوە، هەر بەشێکیش کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە. لقێکی سەرەکی ئەم متیۆدە بریتیە لە رەخنەی مارکسی کەلەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم دروستبووە، کە هەوڵی شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان دەدات سەبارەت بە هەڵوێستی تاك لەسەر کۆمەڵگا، "تیۆری جەدەلی مارکس لەسەر بنەڕەتی ئابووری بۆ کۆمەڵگا دامەزراوە جەوهەری تیۆرەکەی ئەم فەیلەسوفە بۆ(سەرخان)و(ژێرخان)ی ئابووری دابەش دەبێت. یەکەمیان بابەتەکانی کولتوور و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە، هەرچی دووەمیانە بابەتی پارەو ئابووری بەگشتی دەگرێتەوە هەرئەو سیستەمە ئابوریەی کەسەرخان بونیاد دەنێت"(مەنتك، ٢٠١٨، ٦٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە متیۆدی کۆمەڵایەتی وەك یەکێك لە متیۆدەکانی ڕەخنەکە لە دامێنی متیۆدی مێژوییەوە لە دایك بووە ئاراستەکانی خۆی لەوەوە هەڵبژاردووە. بەجۆرێك رەخنەی مێژوویی دامەزرێنەری سروشتی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە.( فضل) دەڵێت"لەمتیۆدی مێژووییدا تەنیا متیۆدی کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە. وەگشت ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی کەلەسەرەتاوە پەیوەست بوون بەبیرۆکەی هۆشیاریی مێژووییەوە ڕژانە ناو متیۆدی کۆمەڵایەتییەوە، وەهەر زوو ئەو هۆشیارییە مێژووییە گۆڕا بۆ وەعی کۆمەڵایەتی و پەیوەست دەبوو بەسروشتی ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا"(فضل, ٢٠١٦, ٤٣)ئەمەش لەسەرەتاو لەسەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆوە شتەکان زیاتر بەمێژوویی دەکران وەك لەلایەنەکانی تر دواتر هەر ئەو مێژوییە بوو پەلی هاویشت تا متیۆدی کۆمەڵایەتیش بێتە ئاراوەو بوارەکانی ئەدەب پەیوەست بە کۆمەڵگاوە گەشەبکات و بێتە هۆی دامەزراندنی متیۆدی کۆمەڵایەتی.دەتوانین ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەیەکێك لەچەشنە جۆرە ئەدەبییەکان دابنێین بەجۆرێك ئەو بەرهەمە ئەدەبیە چارەسەری کێشەکانی وەك ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بکات، کە زۆربەی کات چارەسەری ئەو بابەتانە دەکات کە جێگای بایەخ و گرنگی ڕای کۆمەڵانی گشتی یە لەسەردەمی خۆیدا(وهبە، ١٩٧٤, ٥٢٥)

## چەمکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەك لە ناوەکەیدا دیارە پەیوەستە بەکۆمەڵەوە, کە یەکێکە لە ڕێبازەکانی ڕەخنە، ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای پێکەوە بەستنی ئەدەب و واقیعی ژیانی ڕۆژانە کاردەکات، چونکە لەو تێڕوانینەوە بۆ ئەدەب دەڕوانێت ئەمەش خۆی لە دیاردەکانی کۆمەڵدا دەبینێتەوە، کە ئەمەش کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگادان، بەمەش دەردەکەیت لە نێو کۆمەڵگادا گیروگرفتەکان جۆراوجۆرن بۆیە پێویستە بەپێی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە خوێندنەوە بۆ هەموو لایەنەکانی دەق بکەین لایەنە دیارو لایەنە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی شیبکرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی"لەدیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە بەپێی هەرسێ بنەماکەی ئەدەب کە بریتین لە نووسەر لە ڕووی پیشەو سیمای کەسایەتیەکەی، دەقی ئەدەبی لەڕووی ئەو بابەتەوە کە وەك چارەسەری کێشە و گرفتەکان دەیانخاتەروو ئەویش لەڕووی چۆنیەتی دەرکردنی کارە ئەدەبییەکانەوە" (یسین، ٢٠٠٧: ٥٣)

کەواتە رەخنەی ئەدەبی ئەو زنجیرە پێکەوە گرێدراوەیە کە(نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر) لە نوسینی دەقی ئەدەبیدا پێکەوە کۆدەکاتەوە بەتایبەتی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا، چونکە نەبوونی یەکێك لەو لایەنانە کەلێنێك لەوبوارە ئەدەبیەدا دەهێنێتە ئاراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی متیۆدەکە بەناتەواوی بڕوات هەربۆیە"سارتەر"لەو باوەڕەدایە"کاری داهێنانی هونەری تەواو نابێت تەنها لە ڕێگەی خوێندنەوەوە نەبێت" (سارتر،١٩٩٠, ٥٣).بەجۆرێك ئەو بابەتانەی کە لەژیانی ڕۆژانەدا هەیە دەچنە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیەوە ناچنە قاڵبێکی هونەرییەوە، کە بتوانرێت لەسەری بڕۆیت و کاری لەسەر بکەیت تاوەکو بابەتەکان بە تەواوی نەخوێنیتەوە و لێیان تێنەگەیت.

کەواتە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چارەسەری هەیە بۆ زۆربەی گیروگرفتەکان لەناو کۆمەڵگادا ئەویش لە ئەنجامی دەرخستنی کێشەکان و نرخاندنیان لە قاڵبێکی ئەدەبی بەرزدا، هەروەها ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە بەوەی کە ڕەخنەیەکی هاوشێوەبێت لەگەڵ سەردەمدا و بۆ هەموو بابەتەکان بڕوانێت بەبابەتە سەرەتاییەکانیشەوە هاوشانی کۆمەڵ بڕوات و لەگەڵ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ بێت چونکە ئەگەر لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ نەڕوات ئەوا لە کۆمەڵگا دادەبڕێت و لە ڕەوتی خۆی لادەدات و بەهایەکی ئەوتۆی نابێت.

ڕەخنەی ئەدەبی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵ و کاری ئەدەبیدا دروست دەکات و وەسفی دەکات، هەرچەندە کۆمەڵ لەبەرهەمی ئەدەبی کۆنترە بۆیە نووسەر بە کۆمەڵەوە پەیوەستەو جیاکردنەوەیان ئەستەمە و ئەدەبیش ئەبێتە ڕەنگدانەوەی حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو گوزارشتی لێدەکات و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵی گۆڕانی دەدات، چونکە کۆمەڵ لەبەرهەمی ئەدەبیدا ئامادەیی هەیە، ئەو ئامادەییەی کۆمەڵیش لەناو ئەدەبدا بەردەوامی هەیە بەهۆی بوونی سـۆسـۆلۆژیای خوێنەرو جەماوەر(تادییە، ١٩٩٣: ٢٢٥) ئەم پێناسـەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو پەیوەندییەی لەنیوان کۆمەڵ و نووسـەردا هەیە لایەنگری نووسەرە وەك تاکێکی کۆمەڵ و لە ڕێگەی بەرهەمەوە گوزارشت و ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەیە لەبەرهەمە ئەدەبیەکەدا، چونکە کۆمەڵ بەهۆی بونی سـۆسـۆلۆژیای وەرگر لەدەقدا ئامادەیی هەیە.

ئەم متیۆدە ڕەخنەییە ئەدەب بەکۆمەڵگاوە پەیوەسـت دەکات، واتە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندیانە دەدات کە ئەدەب و کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە لەم ڕوانگەیەوە ئەدەب بەرهەمی کۆمەڵگایە و هەر ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگاشـی لەسـەرە، ئەم ئاراسـتەیە هەوڵی لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبییەکان لەژێر ڕۆشـنایی ئەو کۆمەڵگایەی تێدا لە دایك بووە دەدات. تێبینی ئەوە دەکات کە ئەدەب وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵگاوە کاریگەر دەبێت و کاری لێ دەکات، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەوانەی لە ئەدەب دەکۆڵنەوە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە تەنها باسـی کۆمەڵگاو ئەدەب ناکەن بەڵکو لەو ژینگەیەش دەکۆڵنەوە کە ئەدەبەکەی تێدا لەدایک بووە، تا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی لەژینگەکەی دەسـت نیشـان بکەن و کاریگەرییان لەسـەر ئەدەبەکە دیاربخەن وە دەیانەوێت بزانن کە ئەدیبەکە سـەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییەو لە چ بارودۆخێکی ئابوریدا ژیاوەو تاچەند وەڵامی داواکارییەکانی چینەکەی خۆی داوەتەوەو تاچەند لەئەدەبەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.(ویلیك. وارن، ١٩٨٧: ٩٩) ئاشـکرایە هیچ دەقێکی ئەدەبی نییە کە ئاماژەیەک یاخود نیشـانەیەکی تێدا نەبێت، کە خوێنەر بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سـەردەم و کۆمەڵگایەی کە دەقەکەی تێدا نووسـراوە یاخود نووسـەری دەقە ئەدەبییەکی تێیدا ژیاوە.لەبەر ئەوە بەشـێک لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایەهەرواقیعێکی کۆمەڵایەتی لە دوبنیات پێك هاتووە"سەرخان و ژێرخان"(رشید، ٢٠٠٥: ١٦٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێگومان دەقی ئەدەبی بەگشتی و ڕۆمان بەتایەبەتی زۆر یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەو سەرخان و ژێرخانەی کۆمەڵگاکان بەگشـــتی.کە ئەمانە لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، کە ژێرخان شـێوەکانی بەرهەم هێنان دەگرێتەوە سـەرخانیش ئاشـکرایە ڕەنگدانەوەی ژێرخانە لە تێڕوانینی مارکســەوە کۆمەڵگاکان بەزنجیرە بەرەوپێشــەوە دەچن، واتە لەکەمەوە بۆ زۆر یان لەســەرەتاوە بۆ کۆتایی بەجۆرێك کۆمەڵگا لە ژیانە ســادەکەوە وردە وردە بۆ ژیانی باشترو پاشان بۆ باشترین.

"مارکس ئەم وەرچەرخانە دەگێرێتەوە بۆ ئەو هێزە ماتریالیانەی کە کۆمەڵگا بەســەر چەند چینێکی بەگژیەکـداچوودا دابەش دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی قوڵبونەوەی هۆشــیـاری چینـایەتی و زیـاتر ئـاڵۆزبونی ململانێی چینـایەتی لە نێوان چینەکـانـدا"(حەســەن، ٢٠٠٥، ١٧), کە ئەمەش دەبێتە هۆی شــۆڕش و وەچەرخانی گەورە لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا کەئەمەش دەبێتە هۆی شــارســتـانی و بەرەوپێش چوون.

هەروەها کلۆد دۆشـیە دەڵێت"رەخنەی کۆمەڵایەتی ئامانجی خودی دەقی ئەدەبیە، ئەو دەروازەیەیە، کە ڕەخنە دەتوانێت لەڕێگایەوە مۆرکە کۆمەڵایەتییەکەی دەق پیشان بدات"(کومەڵێك نوسەر، ١٩٩٧، ١٣٥) کە ئەمەش گرنگی دەق وەکو باوەشـێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنە ڕۆشــنبیری و مێژوویی دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت.

کۆمەڵ و ئەدەب دوانەیەکی لێـك دانەبڕاون و یەکتری تەواودەکەن بەبێ یەك هـاوکێشــەکە بێ ئەنجـام دەمێنێتەوە لەم ڕووەوە دەبێ ئەوە لە بەرچـاوبگرین"ئەدەبیـات و کۆمەڵ هەردووکیـان لە حاڵەتی گۆران و بزاوتنن و کاریگەرییان بەســەر یەکترەوە هەیە، لەم ڕووەوە هەرگیز نابێت چالاکی ئەدەبی لە چالاکی گشــتی جیابکرێتەوە"(حوســێن، ٢٠١٠، ٢٣) واتە ئەم متیۆدە هەوڵی ڕونکردنەوەی ئەو پەیوەنـدی و لایەنـانە دەدات کە ئەدەب و کۆمەڵگا بەیەك دەبەســتێتەوە هەر لەم ڕوانگەیەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەدەب بەرهەم و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە ئەم ئاراستەیە هەوڵی لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبییەکان لە ژێر رۆشنایی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا لەدایك بووە.(قادر، ٢٠١١، ٦٤)

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە زۆر بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە بەهەموو ئەو پرۆسانەی لە ژیاندا بەڕێوە دەچن ڕەخنەی کۆمەڵایەتی" لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێت کە کار لەڕەفتاری ئەدیب دەکات واتا دەیەوێت ئەگەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردە سایکۆلۆژییەکانی لای ئەدیب بکات بەبناغەیەك بۆ شیکردنەوەی پەروەردە بوون و نەشونما کردنی ئەدگارەکانی نوسەر"(کریم، ٢٠١٣، ١٦). کەواتە نووسەر بەهۆی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاراستەی خۆی دیاری دەکات و دەیکاتە بنەماو بناغە بۆ دەرخستن و گەشەکردنی هەموو لایەنە مەعریفەکانی خۆی سەرباری ئەو کێشەو گرفتانەی لەو نێوانانەدا ڕوودەدەن، ئەگەر ڕەخنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی خۆی نەبێت ناتوانرێت پێناسەی ئەدیب وەك تاکێکی سەربەخۆی کۆمەڵ بکات و زەمینەیەکی لەبار لەهەموو بوارەکاندا بڕەخسێنن تا لە ڕێگەیەوە ڕەنگدانەوەی ئەو لایەنەبێت، کە لە بەرهەمەکانیدا دەست نیشانی دەکات.

ئامانجی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئامانجی باشترکردنی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە کە وەکو پەتایەك بەناو کۆمەڵدا بڵاوبۆتەوە، سەرەرای ئەمەش هۆشیاری تاك و کۆمەڵگە لەئامانجە سەرەکییەکانی ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٤) لێرەدا هەموو لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە وەك چۆن ئابوری و سیاسەت بەرهەمی کۆمەڵگای پێشکەوتوون ئەدەبیش بەوجۆرە ئەو ئامانجانە لەخۆدەگرێت کە پێکەوە لە هەوڵی بەدیهێنانیدایە.

لەگەڵ ئەوەی ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو پێویستی بە سیستەمێك هەیە بۆ ڕێکخستنی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا چونکە کۆمەڵگا مرۆییەکان زۆرینەی جار خاوەن میکانیزمێکی بەیەکەوە گونجاو و ڕێکوپێکە یان کۆمەڵگاکان خاوەن ئەرکێکی زۆرن کە مرۆڤ بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سودی لێ وەردەگرێت. (موحسنی، ٢٠٠٢، ٨٦) بۆیە زۆرگرنگە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە لەکۆمەڵگاکاندا پەیڕە و دەکرێت هەموو چەشنە ئەدەبییەکان کەرەستە و ئامرازی تایبەت بەخۆیان هەبێت بەمەبەستی رازاندنەوە و جوانکردن و هەستکردن بەو بەرهەمە چەشنە ئەدەبیە جا بەرهەمەکە لەهەر بوارێك لە بوارەکانی ئەدەبدا بێت بۆ نمونە کەرەستە و ئامرازی وێنە رەنگ و بۆیە، مۆسیقا ئامێر و دەنگە، کەرەستەی پێکهێنەری ئەدەبیش زمانە، زمان خۆی ئامێرو کەرەستەیەکە هەڵگری بەها کلتوری و رۆشنبیری ئینسانی ئەو کەسانەیە کە بەو زمانە دەدوێن بۆیە ئەدەب"سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، ئامرازەکەی زمانە خوڵقێنەرەکەی کۆمەڵگایە، خودی شاعیر ئەندامێکی کۆمەڵگایە، کەوتۆتە ژێر ئەرکێکی کۆمەڵایەتییەوە وەك چۆن وتارەکەی ئاراستەیە بۆ جەماوەر"(ویلیك ـــ وارین، ١٩٨٧، ٩٧) لێرەدا گرنگی ئەوە دەردەکەوێت کە چۆن بابەت و چەشنە ئەدەبیەکە لەگەڵ رەخنەکەیدا یەکانگیردەکات.بەجۆرێک کە چێژی ئیستاتیکی دەقە ئەدەبیەکەیش پارێزراوبێت.

"تاقیکردنەوەی ئیستاتیکی جۆرێکە لە جۆرەکانی باوەش کردنی مرۆڤ بە ژیاندا، ئەوا ئیستاتیك لە پەیوەندی جوانیخوازانەی مرۆڤ بەجیهانەوە و لە جەوهەرویاساکانی پەرەسەندنی هونەر و دەوری هونەر لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکۆڵێتەوە"(میراودەلی، ٢٠٢١، ٢٣).بۆیە پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان ئیستاتیکا و کۆمەڵگادا هەیە کە هەموو چەشە ئەدەبییەکان بە داماڵینی ئیستاتیکا لە بەرهەمەکانیاندا جەماوەرو سروشتی کۆمەڵگا لە خۆیان دور دەخەنەوە و بەرهەمەکە بەرەو لاوازی دەڕوات و بەها ئەدەبی و ئیستاتیکایەتیەکانی خۆی لەدەستدەدات و وەك دەقێکی بێ گیان لە ناوکۆمەڵگادا دەمێنێتەوە لەوانەشە دوای ماوەیەکی زۆر ئەو دەقە ئەدەبیە بەرەو نەمانی و فەوتان بڕوات."جوانی دەق بەوە دیاری دەکرێت ئاخۆ تاچ رادەیەك ئەو بابەتە هونەرییە یان ئەدەبییە کار دەکاتە سەر عەقڵ و ویژدان بەهۆی هەستیارە باڵاکانی سەر مرۆڤ. بەهای کارە ئەدەبییەکانیش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهەمان شـێوە دیاریکراوونییە"(صـالح، ٢٠١٠، ١٧) کەواتە دەتوانین دەقی ئەدەبی وەک هۆکارێکی سەرەکی سەیربکرێت لە دەرخستنی ڕەخنە و گیروگرفت و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

**تەوەری دووەم / بەها کۆمەڵایەتییەکان:**

هەموو کۆمەڵگایەك خاوەنی کۆمەڵێك سیما و خاسیەتی خۆیەتی کە لە ناو کۆمەڵگەکەدا دەچەسپێت و پەیوەندی تاکەکانی لە نێوان خۆیاندا پێکەوە گرێدەدات، هەروەها پەیوەندی تاکەکان بەدام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە دیاری دەکات. کۆمەڵێك یاساو ڕێسا هەیە لەکۆمەڵگادا کە پێویستە تاکەکان ڕێزی لێبگرن و سنورەکانی نەبەزێنن"بەها بەشێوەیەکی گشتی شتێکە جێی ڕازیبوون و پەسەندی زۆرینەی زۆر بەدەست دەهێنێت ئەگەر گشت کۆمەڵگەشی لەگەڵدانەبێت، چونکە ئاماژەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی و خەڵکی ئەم بەها کۆمەڵایەتییەش ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك بیرۆکە لێیەوە، ئامێرێکی نیمچە بەیاسایی دروست کراو(جێگر) دروست دەبێت مرۆڤ بەکاری دەهێنێ بۆ پێوانە کردن و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی"(ناصر، ٢٠٢٠، ١٢١) .

بەهاکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاك هەیە، بەجۆرێك دەبنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی کاری ترو سوودیان لێ وەردەگرێت لەگەڵ پەیدابوونی یەکەمین کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەوی بەهاکان پەیدابوون بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاو دانانی سنورێک بۆ هەریەکێکیان تا سنوری نەبەزێنن، چونکە " هەموو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنێکیش جۆرێکە لە خۆتێکەڵکردن بە ژیانی مرۆڤەکانی دی، لەم بارودۆخەیشدا هەمیشە گریمانەی ئەوە لە ئارادایە، کە بەهۆی هەڵسوکەوتەکانمانەوە دەستدرێژی بکەینە سەر بەها و گەورەیی مرۆڤەکانی دی و کۆژان و ئازارەکانیان پێشێل بکەین"(سیوەیلی، ٢٠٠٦، ٩)، کەواتە زانین و ئاشنابوون بە بابەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕێگایەکە بۆ ناسینی شێوازی ڕەفتار و زانینی چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک، لەبەر ئەوە دەبینی هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لەلایەن هەموو نەتەوە و میللەتانەوە گرنگی بە بەها کۆمەڵایەتییەکان دراوە. وەک شارستانیەتی (بابلیەکان) لەسەردەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(بابلیەکاندا) بەهای یاسا بۆ ڕێکخستنی بوارە جیاوازەکانی ژیان پەرەی سەند، هەروەك لەیاساکانی (حامورابی) دا دەردەکەوێت بەوەی گرنگی زۆری بەبەهای ڕێکخستنی کۆمەڵگا داوە نموونەی بەهای ئازادی تاك، بەهای داد پەروەری لە پاداشت و سزا لەکاتێکدا شارستانیەتی یۆنانی گرنگییان بەبەهای زانست و فێرکردن داوە، کە زیاتر چینی دەوڵەمەندانی دەگرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیان بەبەهای جوانی داوە و گرنگیشیان بەبەهای ئاین داوە"بەشێکی زۆری فەیلەسوفان و ئایینەکان لەسەر کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ یەك دەنگ و کۆکن هەروەکو ئیبن خلدون لە موقەدیمەکەیدا دەڵێت فەیلەسوف و دانایان و پەندیاران لەسەر کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ کۆک و یەک دەنگن، چونکە هیچ مرۆڤێك بەتەنیا ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات و هیچ کەسێکیش بەتەنیا ناتوانێت داکۆکی لەخۆی بکات و هەڕەشەکانی دەوروبەر لەخۆی دوروبخاتەوە)"(قادر، ٢٠٢٢، ٧) .

کەواتە بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی نێوان تاکەکان پێکەوە گرێدەدات وە هەر بەهایەك و لەهەر کۆمەڵگایەکدا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکان لەکۆمەڵگادا هەیە، بەهاکان بەپێی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەرشتێك زۆرباوبێت یان گرنگی پێبدرێت ئەوە دەبێتە بەها لەو کۆمەڵگایەدا بۆ نموونە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا لایەنی مادی و بەربەرەکانی و باشترین بەروبوم دەبنە بەها لەو کۆمەڵگایەدا، هەروەها لەکۆمەڵگا ئاڵۆزەکاندا بەهاکان بەئاسانی دەست نیشان ناکرێت، چونکە هەر کۆمەڵێك لەخەڵکان خەریکی پیشەیەکن یان بەپیشەیەکەوە خەریکن ئەمەش وادەکات بەئاسانی بەهاکان لەو کۆمەڵگایەدا دەست نیشان نەکرێن یان کۆمەڵێك بەهای جیاوازی تێدا سەر هەڵبدات.

هەموو کۆمەڵگایەك کلتور ورۆشنبیری وداب ونەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە کە لە شێوازو ناوەڕۆکدا لەیەکتر جیاوازن، هەروەها لە دیاریکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بەهاکان هەر دوولایەنی باش و خراپیان تێدایە، هەندێ جار شتێکی باش لە کۆمەڵگایەکدا دەبێتە بەهای ئەو کۆمەڵگایەو زۆربەی تاکەکانی پێوە پەیوەست دەبێت بۆ نموونە لە کۆمەڵگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردەواریدا ڕێزگرتن بەهایەکی کۆمەڵایەتییە کە زۆربەی زۆری تاکەکان پەیڕەوی دەکەن بەجۆرێك کە ڕۆژانە لەزۆربەی شوێنە گشتی یەکانی وەك بازارو نۆرینگە و شوێنە گەشتیارییەکان دەبینرێت. کە ئەمەش بەهایەکی کۆمەڵایەتی باش و گونجاوە لە کۆمەڵگادا بەجۆرێك ئەگەر کەسێکی بیانی بێتە ناو کۆمەڵگاوە هەست بەوە دەکات کە کەسەکانی دوروبەری چەند بەڕێزەوە لەگەڵی دەدوێن ئەمەش بەهایەکی کۆمەڵایەتییە و زۆربەی تاکەکانی پەیوەستن پێیەوە. لە ناو ڕۆمانەکانی سابیر ڕەشید دا، زۆرترین خستنەڕووی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبینین، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (شمشێری مووسا)، کە ڕۆماننووس چەندین بەها و تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی واقیعی خستووەتە ڕوو، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

## بەشی دووەم:

## تەوەرەی یەکەم /ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی سابیر ڕەشیددا:

سەرجەم ژانرەکانی ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی، ژینگەیەکی لەبارە بۆ خستنەڕووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، هەر ئەوەش بووە بەهۆی ئەوەی کە خوێنەران لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە شارەزای باش وەربگرن دەبارەی کلتور و دابونەریت و هەندێك ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جیاوازەکان کە ڕۆمانەکانیان لێ نووسراوە، لەبەر ئەوەی ڕۆمان " گرنگی بە کێشە زۆر و زەوەندەکانی کۆمەڵگا دەدات، کۆمەڵگا بەخەبەر دەهێنێتەوە لە هەندێک شتی خوار و خێچی کۆمەڵایەتی.ئەو نەریتە باش و خراپانەی کۆمەڵگە لە ڕێی بابەتە ئەدەبییەکانەوە دەخرێتە ڕوو"(سلێوە، 2020، 20). لە سەرەتادا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە سابیر ڕەشید لە باسکردنی ڕەخنە کۆمەڵایەتی زۆر بەوردی کاریکردووە، لە هەرسێ ڕۆمانەکەیدا.لێرەدا بە کورتی باس لە هەندێک ڕەخنەی دیار دەکەین کە بەشێوەیەکی گشتی لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کراو؛ لەوانەش:جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا.جیاوازی چینایەتی بریتییە لە خستنەڕوو چەند ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئاستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیان و بژێویی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا، کە خۆیان لەچەند چینێکدا دەبیننەوە، وەک دەوڵەمەند و هەژار، خوێندەوار و نەخوێندەوار، ئاغاو دەرەبەگ لەگەڵ خەڵکی ئاســایی. کەواتە دەکرێت بڵێین جیاوازی چینایەتی گرنگترین ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە لە ڕۆمانەکانی سابیر ڕەشیددا، لێرەدا بەکورتی ئەم ڕەخنە کۆمەڵایەتییە دەخەینە ڕوو، لە هەر یەکێک لە ڕۆمانەکانی سابیر ڕەشیددا.

## گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی شمشێری مووسا دا:

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شــمشــێری مووســا)دا، باس لە ڕوداووی کۆچی بەکۆمەڵی جووەکان دەکات لە کوردســتانەوە بۆ ئیســرائیل، هەروەها ئاماژە بە چەندین کێشــەو گیروگرفت دەکات کە لە کوردســتان توشــی جووەکان بووە. واتە ڕۆماننووس دەیەوێت ڕۆمانەکانی ببن بە ئاوێنەی تەواوی چین وتوێژ و ئاین و نەتەوە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە، کە ئەوە کاری ڕۆماننووســی شــارەزایە لە گرنگی وپێگەی ڕۆمان لە ناو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا.چونکە"ئەدەب وەک چالاکییەکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ سـەیردەکات و پێی وایە کە ئەدەب ئامرازێکە بۆ گوزارشـتکردن لە تەواوی کۆمەڵ"(حجازی، 2001، 46). هەر بۆ ئەو مەبەسـتە ڕۆماننووس کەسـێتییەک لە جووە دەکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی. کە ئەویش(ئیســحاقی مۆشــێ)یە، دەیەوێت لە زاری ئەوەوە مێژووی ژیان و گوزەران و بارودۆخی کۆمەڵایەتی جووەکانی کوردســتان بخاتە ڕوو، کە ئەوەش یەکێکە لە تەکنیکەکانی هەڵبژاردنی کارەکتەر بەگشــتی و کارەکتەری ســەرەکی بەتایبەتی"ڕۆماننووس پێش ئەوەی دەســت بەکارەکەی بکات، خۆی ئارەزوویەک و وێنایەکی هەیە کە ئەم کەســێتییە یان ئەو کەســێتییەی ناو ڕۆمانەکەی دەبێت چۆنبێت، تا کەســێتییەکە بتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە نیازێک بەدیدەهێنێت"(مونیف، 2006، 51). ئاشــکرایە هەر لەســەرەتای ڕۆمانەکەوە، ڕۆماننووس ویســتی لە مێژینەی خۆی دەردەخات، بۆ نووســینی ڕۆمانێک لە ســەر جووەکان.کەواتە بێگومان باشــترین و گونجاوترین هەڵبژاردن ئەوەیە، کە کارەکتەر ســەرەکی ڕۆمانەکەی کەســێکی جوو بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواوی ســـەرجەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و شـێوازی ژیان و هۆکاری کۆچی جووەکان بگێڕێتەوە."کەواتە ئاسـتی سـەرکەوتووی ڕۆمان پەیوەسـتە بەچۆنیەتی هەڵبژاردنی کارەکتەرەکان بەگوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتییەکان و گونجاوییان لەگەڵ ئەو هەڵسـوکەوتانەی کە لەلایەن ڕۆماننووسەوە پێی دەسپێردرێت هاوشانی جوڵە و هەڵسوکەوتەکان بن"(حەمەد،2015، 59)

لەبەر ئەوە دەبینین کە ئەم کارەکتەرە چەندین ڕووداوی جیاواز دەگێڕێتەوە کە بەسـەر جووەکاندا هاتووە، هەروەها چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی تایبەت بە جووەکان لە کوردسـتان دەگێڕیتەوە، کە لێرەدا ئاماژە بە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین کە لە ڕۆمان (شمشێری مووسا)دا، ڕۆماننووس تیشکی خستووەتە سەر لەڕێگەی کارەکتەرەکانییەوە بەگشتی و کارەکتەری سەرەکی بەتایبەتی.

ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ڕۆمانی(شمشێری مووسا) دا باس کراون ئەمانەن:

**یەکەم/ ژن وەک قوربانی :**

بێگومان لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، وەک کۆمەڵگایەک کە لەژێر هەژموونی کلتوری عەرەبی و ڕۆژهەڵاتیدایە، هەمیشە ئەوە ئاماژەی بۆ کراوە کە ژن دەبێتە قوربانی دەستی کۆمەڵگە و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (بەزۆر بەشـوودان و گەورەبەبچوک، و ژن بە ژن و تەڵاقدان و لاقەکردن و کوشـتن لەسـەر شـەرەف و خۆکوشـتن لەترسـی ئابڕووچون، تانەو تەشـەر، چوونە لای شـێخ و مەلا...هتد)بەڵام بێگومان لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بە چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی کراوە و تێیدا ژن وەک قوربانی پیشاندراوە، وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا دەیخەیە ڕوو:

1_ بەزۆر بەشوودان یان بەزۆر خواستن : بەزۆر بەشوودان نەریتێکی باوی کۆمەڵگای کودریی بووە لە کۆندا، بەڵام لە ئێسـتادا تا ڕادەیەکی زۆر ئەم نەریتە بەرەو نەمان چووە، کچانیش وەک کوڕان ئازادان لە بڕیاردان لەوەی کە کێ هەڵدەبژێرن وەک هاوژین و هاوسـەری خۆیان، بەڵام لە ڕۆمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(شمشێری مووسا)دا، لەم جۆرە حاڵەتە بەرچاو ناکەوێت کە باوکێک بیەوێت کچەکەی بەزۆر بە شوو بدات، بەڵام دەبین کە بەهۆی پێگەی بەهێزیانەوە ئاغا و کوڕەکانیان دەیانەوێت هەر کچێک دڵیان گرتی بیخوازن و بە بێ ویست و خواستی کچەکە بیکەن بە خێزانی خۆیان ، وەک دەبینین کارەکەری (ڕۆستەمی کوڕی کەمال ئاغا) دەیەوێت بە زۆر (زوهرە) بخوازێت، لە کاتێکدا (زوهرە ) خۆی کەسێکی دیکەی خۆش دەوێت. ڕۆستەم پێی دەڵێت" "تۆ دەکەم خێزانی خۆم و شاژنی ئەم شارە، کێشە نییە دینمان جیاوازە، دەتکەمە موسڵمان.

**_ ببورە من ناتوانم بۆ تۆبم، کەسێکی دیکەم خۆش دەوێت..**

_ناهێڵم بۆ کەسێکی دیکە بیت، جا هەرکێ بێت، موسڵمان یان مەسیحی یان جوولەکە، ئەگەر بۆ من نەبیت ئەوا هەرکەسێک لە تۆ نزیک بکەوێتەوە زیندە بەچاڵی دەکەم"(ڕەشید،2019، 28) ئاشکرایە ئەم داواکارییەی سەرەتا، تەنها داواکارییەکەی ڕووکەشانە و هەڵخەڵەتێنەرە و دەیەوێت بۆچوونی کچەکە بگۆڕێت، بەڵام کاتێک وەڵامی کچەکەی بەدڵ نابێت هەڕەشەی لێیدەکات و دەڵێت هەرکەسێک بیەوێت تۆ بخوازێت من دەیکوژم، بێگومان لە کۆمەڵگەی کۆنی کوردەواریدا لەم جۆرە نموونە زۆر بووە و کەسانی دەسەڵتداری وەک میر و ئاغا و بەگزادە و کوڕەکانیان ، ڕێگربوون لەوەی ئاشقان بەیەک بگەن، بەمەبستی بەدەستهێنای ئە کچەی کە دڵی خۆییان حەزی لێکردووە، دەرئەنجامی ئەمە یان کوڕەکەیان کوشتووە یان کچەکە، وەک لەم ڕۆمانەدا دەبینین کە چیرۆکی ئەشقی (زوهرە و یونە)ی خۆشەویستی بە کوشتنی (زوهرە) بەدەستی (ڕۆستەم ئاغا) کۆتایی دێت." ڕۆستەم ئاغا لەم قسانە خراپتر تورەبوو...دەمانچەکە لەبەر پشتی خۆی دەردێنیت.سینگی زوهرە دەکاتە ئامانجی گوللەیەک، زوهرە دەکەوێت و خەلتانی خوێن دەبێت" (ڕەشید،2019، 29_30).کەواتە ئەوەی لێردا بوو بە قوربانی کچێک بوو کە دەویست بە خۆشەویستی و ئەڤینەوە بژی و خیانەت لە وەفا و بەڵێنی خۆشەویستی نەکات، بەڵام باجی ئەم وەفا و بەڵێنە مەرگی خۆی بوو، بەدەستی ئاغای زۆردار و زاڵم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2_ ڕێگری ئاینی لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری: ڕۆمانی شمشیری مووسا، بەسەرهاتی جووەکان دەگێڕێتەوە، کە کەمینەیەکن لە ناو کۆەڵگەیەکی زۆرینەی موسڵماندا، بێگومان بەهۆی جیاوازی ئاینییەوە توشی چەندین گیروگرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، یەکێک لە هەرە کێشە سەرەکیەکان بابەتی هاوسەرگیری واتە ژنخوازی لە نێوان پەیڕەوکەرانی ئەم دوو ئاینەدا بووە، وەک لە بابەتی خۆشەویستی نێوان (ئیسحاق و خونچە)دا دەردەکەوێت، کە خێزانو کەسوکاری هەردوو گەنجەکە ئامادەنین ڕێگە بە دروستکردنی خێزان و هاوسەرگیری نێوان ئەم دوو گەنجە بدەن، ئیسحاقی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەم جۆرە ڕووداوکە دەگێڕێتەوە"ئەو دەمەی خۆشەویستی من و خونچە ئاشکرابوو، ماڵی ئەوان هەموویان.خزمەکانیشایان و ئەوانەی هاتووچۆیان دەکردن، زۆر هەڕەشەیان لە ئێمە کرد.زۆر زەنگی ئاگادارکردنەوەیان بۆ بابم لێدەدا، بابیشم...هەڕەشەی جۆر بەجۆری لێدەکردم تا وازی لێبێنم، ڕۆژێکیان بردمیە ژوورێکی تەنیا پێی گوتم:

_کوری خۆم دەزانی ئەوان موسڵمان و ئێمەش جوو،"(ڕەشید، 2019، 147) کەواتە ئەو هەڕەشە و ڕێگە نەدانە تاک لایەنە نەبووە، بەڵکو هەردوولا بە توندترین شێوە دژایەتی ئەو بەیەک گەیشتنەبوون، ئاشکرایە ئەم دژایەتییە تەنها لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی نییە بەڵکو بەهۆی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ڕەتکردنەوەی ئەم هاوسەرگیرییە لەلایەن کۆی کۆمەڵگاوە، وەک دەبینی کە نەک تەنها خێزانەکەی خونچە، بەڵکو دراوسێ و ئەوکەسانەیشی سەردانیان کردوو دژایەتی ئەم بەیەک گەیشتنە بوون.

### 3_ڕەدوکەوتن (هەڵگرتن):

هەڵگرتن یاخود ڕەوکەوتن دوو وشەی نەخوازراون لە ناو فەرهەنگی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا، کاتێک سەرجەم دەرگاکان بەڕووی عاشقاندا دادەخرێت و بەتەواوی لەوە بێ ئومێد دەبن کە بەیەکتری بگەن، بڕیاری ئەوە دەدەن کە پێکەوە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵبێن کە زۆر جار خودی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیشـــیان نازانن کوێیە ئەو شـــوێنەی کە ڕووی تێدەکەن، "ڕەدوکەوتن مەســـەلەی بەگژداچونەوەی ئافرەتە کە بەدرێژایی مێژوو ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلای پڕشـــانازیی لە چوارچێوەی ئەو دابونەریتەدا تۆمـارکردووە، بۆ گوزارشـــتکردن لـە ســـەربـەســـتی و ڕەتکردنـەوەی هـەمووی بـەهـا و مۆراڵی پیاوسالاری"(نورەدین، 2007، 5).

ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەکۆندا باو بووە، بەڵام لە ئێســـتادا بە شـــێوەیەکی بەرچاو کاڵبووەتەوە و بەرەو نەمان چووە"ڕەدووکەوتن ئەنجامی سەرنەگرتنی حەزو ئارەزووی خۆشەویست نهێنی دوودڵداری کوڕ و کچە، ئەو دوو کوڕ و کچە یەکتریان خۆش ئەوێ و حەز ئەکەن لەگەل یەکتر بژین، بەڵام بەهۆی نەریتە دواکەوتوویەکانەوە ماڵەباوانی ئەم دووە بە تایبەتی ماڵە باوانی کچەکە ناچنە پێشەوە ئیشەکە بگونجێ، پاش دڵنیابوون لە بەیەک نەگەیشتن هەردوولا ڕێ ئەکەون ماڵەباوان بەجێ دێڵن"(قانع، 1979، 35).ئەم کێشـــەوگرفتە بەزۆری لە ناو لادێ و گوندەکاندا زیاتر ڕووی دەدا بە بەراورد بە شـــارنشـــینەکان، هەرچەندە ئەوە لەم ڕۆمانەدا باســـکراوە بەســـەرهاتی دوو کارەکتەری لاوەکییە، کە دایک و باوکی (خونچە)ی خۆشـەویسـتی (ئیسـحاق)ە.کە خونچە بەم جۆرە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە"دایکم و باوکم یەکدیان زۆر خۆشـــدەویســـت، ماڵی باپیریشـــم واتە باوکی دایکم هەر لە منداڵییەوە دایکمیان دابوو بە ئامۆزایەکی خۆی، ئیتر کە کات هات و ویســـتیان لە قســـەوە بیکەن بە کردار هاتنە پێش بۆ مارەکردنیان، باوک ودایکم تەگبیر دەکەن، کە شـــەو جێیەک بۆ ژووان دابنێن و لەوێوە بە پێ دزە بەرەوە دەرەوەی کەرکوک هەڵبێن"(ڕەشـــید، 2019، 144_145).مەبەســـتی ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ئەم حاڵەتی ڕەدوو کەوتنە تەنها وەک ئاماژەکردنە بۆ حاڵەتەکە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگینا ئەم ڕووداوە هیچی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەســـەر ڕەوتی ڕووداوەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4_ژن بردن بۆ لای شێخ و مەلا :**

دیارەی سەردانیکردنی شێخ ومەلا لەلایەن ئافرەتانەوە ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە ئەمەش بووە بە گرفتێکی دوورودرێژی مێژووی کە بەهۆیەوە چەندین خێزان هەڵوەشاوەتەوە، جگە لەوەش هەندێکجار ئەو ئافرەتانەی کە سەردانی شێخەکانیان کردووە تووشت دەستدرێژی سێکسی یاخود هەراسانکردن بوونەتەوە، لە کاتێکدا مەبەستی سەرەکی ئەو ئافرەتانە چارەسەرکردنی گرفتێکی دەروونی بووە یاخود کرانەوەی گرێی بەخت بۆ شوکردن یان منداڵبوون، یان دوعا و چاوەزار بۆ بەدەستهێنانی شتێک، بەڵام زۆرجار لە ئەنجامدا ئافرەتان لەم کارەدا دەبنە قوربانی و دەبنە نێچیرێک بۆ ئە کەسانەی کە بەناوی شێخ و مەلا و نوشتە نووسەوە ئافرەتان هەڵدەخەڵەتێن. لە ڕۆمانی (شمشێری مووسا)دا، ڕۆمانووس بە کورتی ئاماژەی بەم بابەتە داوە. کە باس لە خونچەی خۆشەویستی ئیسحاق دەکات، چۆن بەهۆی دابڕانی لە ئیسحاقی خۆشەویستی تووشی گۆشەگیری دەبێت بۆ چارەسەر دەیبەنە سەردانی شێخ و مەلا."دوای ئەوەی خونچەی کچیان تووشی گۆشەگیری دێت چەند ساڵێک دەیبەنە لای دکتۆر هەر چاک نابێتەوە، پاشان ڕێگەی مەزارگەی پیر و چاکان و سەردانی دەیان شێخ و سۆفی دەکەن"(ڕەشید،2019، 208_209). ڕەنگە ئەم سەردانە هەندێک جار بە ڕێکەوت ئامانجی کەسی سەردانیکەر بەدی بهێنێت، بەڵام دواجار ئافرەتان دەبن بەقوربانی بۆ ئەو عەقڵیەتە دواکەوتووەی کۆمەڵگا، کە پێیان وایە چارەسەری هەموو کێشەکان لەلای مەلا و شێخەکان هەیە. لەبری پەنا بردن بۆ دکتۆر یان کەسانی پسپۆڕی بوارەکە، هەرچەندە هەتا ئێستاش ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای کوردی ماوەتەوە و وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەتوانراوە چارەسەر بکرێت.

دووەم/ تانەوتەشەر : تانەوتەشەر یان ناوناتۆرە بریتییە لە شێوازێکی گفتوگۆی یان بانگکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا بەشێوازێکی ناشیرین یاخود بە زمانێکی ئاست نزم، کە دەبێتە هۆی بریندارکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەستی کەسی بانگکراو، ئەم جۆرە لە بانگکردن یاخود باسکردنە بە تانەوتەشەرەوە مەبەست لێی لێدان و کەمکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی کەسی بانگکراوە.کە بێگومان ئەم کارە دەبێتە هۆی کەمبوونەوە شکانی پێگەی کۆمەڵایتی ئەو کەسەش کە بەکاری دەهێنیت واتە تانەوتەشە یان ناوناتۆرە لە خەڵکی دەنێت.لەم ڕۆمانەدا لە چەندین شوێندا لەلایەن چەندین کەسی جیاوازەوە تانەوتەشەر و ناوناتۆرە بەکاردەهێنرێت.وەک ناوناتۆترەی کۆمەڵایەتی وەک ئەو ناوناتۆرەی کە لە بێستوونی سەرەتانی نرابوو، کاتێک سەبارەت بەنازناوەکەی بۆ ئیسحاق دەدوێت دەڵێت: " ئەو لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ناو و ناتۆرەدا دەژیت.ئیدی ئەم نازناوە هەرگیزاو هەرگیز لێنابێتەوە، ئەو هەرچی بکات و بخوازێت هەر بە بێستوونی سەرەتان دێتە ناسین"(ڕەشید، 2019، 13)کەواتە ئەم نازناوە کە لەلایەن کۆمەڵگەوە لەم کارەکتەرە نراوە.وێنەیەکی ناشیرینی ئەم کارەکتەرە پیشانی خەڵکی دەدات، هەرچەندە کەسەکە خۆی زۆر باشیش بێت، بەڵام تازە بەهۆی ئەو ناوناتۆرەوە وەک کەسێکی خراپ دەردەکەوێت.

### سێیەم/ دژایەتی خەڵکی ڕۆشنبیر یان پێشکەوتوخواز:

ڕۆشنبیری و پێشکەوتن دەرئەنجامی گەشەسەندنی قۆناغەکانی گۆڕانی مرۆڤایەتییە، ئەم گۆڕانە لە ئەنجامی تێڕامان و بیرکردنەوەی تاکەکان و پاشان کاریگەری دانان لەسەر کۆمەڵ ڕوویداوە. بێگومان ئەم گۆڕانکاری و بەرەوپێشچونە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سودی هەموو کۆمەڵگای تێدابێت. ئەوە بە پێچەوانەوە بە زیان بۆ کۆمەڵەێک کەسی وەک ئاغا و دەرەبەگ و میر و دەسەڵاتە دیکاتاتۆرەکان دەشکێتەوە، هەر لەبەر ئەوە ئەوانیش بەهەموو جۆرێک و بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە دژایەتی ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییە دەکەن، چونکە گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا کاریگەرییان دەبێت لە تێگەیشتنی کۆمەڵ لە کێشەوگرفتە کۆمەڵایەتییەکان. بەوەش هەوڵی چارەسەرکردن و لێ تێگەیشتنی دەدەن، بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەژموون و دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگەکان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە دەیانەوێت تەنها خۆیان دەسەڵاتداربن و خەڵک هەمیشە لە کێشەدابێت و پەنا بۆ ئەوان ببات بۆ چارەسەری کێشەکانی.

لە ڕۆمانی شمشێری مووسادا بەدوورودرێژی ڕۆماننووس باس لە ململانێی نێوان ڕۆشنبیران و ئاغاکان دەکات.کارەکتەری (یۆنان)کە مامۆستایەکە و مامی (ئیسحاق)ە دەیەوێت قوتابخانەی ئامادەیی لە کۆیە بکرێتەوە، هەمیشە لەگەڵ لاوان کۆ دەبووەوە و باسی ئازادی و دادپەروەری بۆ دەکردن، بەڵام ئاغاکان دژی ئەم کۆبوونەوانەبوون و بەهیچ جۆرێک ڕێگە نادەن قوتابخانەی ئامادەی بکرێتەوە لە کۆیە، ئیسحاق مۆشێ بەم جۆرە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە "ئاغا و بەگزادەکان هەستیان بە مەترسیی دەکرد، دەیانزانی گۆڕینی سیستەم واتە نەمانی دەسەڵاتی ئەوان.بگرە ڕێگریش بوون لە کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی، ئەوان نەیاندەویست خەڵک هۆشیاربێت، لە هەموو هۆشیاربوونەوەیەک دەترسان، ئەو کەسانەیشیان بەگرتندا کە داوای کردنەوەی قوتابخانەیان دەکرد، تا خەڵک هەر لە خەودابێت و تا خەڵک هەر لە خەودابێت و ئەوانیش هەر لە خۆشی و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەردەوامبن"(ڕەشید،2019، 45).

ئاشکرایە نەک هەر لە کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهان هەمیشە گۆڕانکاریەکان توشی ئاستەنگ و ڕێگری بوون، چونکە هەموو گۆڕانکارییەک دەبێتە هۆی لادان و سڕینەوەی بەشێک لە کلتور و دابونەریتێکی چەسپیوی چەندین ساڵە، لەبەر ئەوە گۆڕانکاریەکە پێویستی بە قوربانیدان و تێکۆشانێکی زۆر هەیە، وەک لەم ڕۆمانەدا دەبینین(یۆنان) لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات و لەلایەن ئاغاکانەوە. خەڵکی نەزان و نەفامی لێ هاندەدرێت و تۆمەتی تێکدانی ئەخلاق و ڕەوشتی گەنجەکان دەدەنە پاڵ، هەربۆیە لەلایەن پیاوانی ئاغاوە دەکوژرێت.بۆیە دەبینین (یۆنان) ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات لەپێناو ئامانج و پەیامەکەیدا، نەک دەستی لێ هەڵبگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## چوارەم / خەڵکانی دواکەوتوو :

خەلکانی دواکەوتوو ئەو جیلەی کۆمەڵگان کە بێئاگان لە گۆڕانکارییەکانی چواردەوریان ونازانن کە کەسـانێکی دیکە بۆ بەرژەوەند خۆیان ئەمان بەکاردەهێنن.هەمیشـە لەم جۆرە کەسـانە لەهەموو کۆمەڵگایەکا هەیە و ڕێژەی کەم و زۆریان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام لەکۆندا و لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵکی بەهۆی شـێوازی ژیانیانەوە بێ ئاگابوون لە گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونەکانی کۆمەڵگاکانی جیهان، بەتایبەتی لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا هەمیشـە بەشـێکی زۆری خەڵکی بە کاری کشـتوکاڵەوە خەریک بوون و لەسـەر زەوی دەستبەسەرداگیراوی ئاغاکاندا ئیشیان کردووە، لەبەر بژێوی ژیانیان نەیان توانیوە دژایەتی ئاغاکان بکەن، هەرچەندە دڵنیابوون کە غەدریان لێ دەکەن، بۆ مەرام و بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنن.لە ڕۆمانی (شمشێری مووسا)دا، چەندین ڕووداوی لەو جۆرە دەبینن کە خەلکی دواکەوتوو بێ ئاگا لەوەی کە خەریکی چ کارێکن، هەڵدەسـتن بە جێبەجیکردنی فەرمانەکانی ئاغا.وەک لە هێرشکردنە سەر (یۆنان) تا کوشتنی خەڵکانی دواکەوتوو و نەزان بەردەوام دەبن لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئاغا، (یۆنان) بەم جۆرە وەسـفیان دەکات و دەڵێت: " مادام ئەوان دۆسـت و دوژمنی خۆیان ناناسن و نازانن من بۆ ئەوانمە و دەمەوێ چیدی نەبن بەکۆیلە و داردەستی ئاغاکان و بەقسەی ناهەق هەڵنەخەڵەتێن، نازانن بوونەتە پشتیوانی ستەمکار..وازیان لێبێنن مادام ئەوان هێندە ساویلکە و خۆش باوەڕن سەد ساڵی دیکەیش من و هاوشێوەی من هەرچی بۆیان بکەین ناکارن ڕاستیەکان ببینن"(ڕەشـید، 2019، 67) واتە کاتێک کۆمەڵێک کەس بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بڕیاردەدەن تێنەگەن لە ڕاسـتییەکان، ئەوا کۆمەڵگا بەرەوهەڵدێر دەبەن و هەوڵی لەناوبردنی ئەو کەسانەیش دەدەن کە دەیانەوێت خەڵکی چاوکراوە و ڕۆشنبیربن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی دووەم/ خستنەڕووی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی شمشێری مووسا دا:

### یەکەم: متمانە:

متمانە بنەمایەکی سەرەکی و گرەنتی مانەوەی هەموو پەیوەندیەکە لە نێوان دوو کەس یان گرووپێک لە خەڵکیدا بوون و پاراستنی متمانەیە، متمانە تەنها لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە گرنگ نییە، بەڵکو بۆ سەرجەم کایەکانی ئەم ژیانە هەر لە پەیوەندی نێوان خاوەنکارێکەوە لەگەڵ کرێکارەکانی تا دەگاتە پەیوەندی نێوان حکومەت و تاکەکانی کۆمەڵگا. گرنگترین خاڵی بەرەوپێشچون و بەهێزی پەیوەندییەکانە، لەبەر ئەوە متمانە وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا گرنگی خۆی هەیە و لە کۆمەڵگای کوردیدا پێگەی بەهێز و جێگەی بایەخی هەیە، کە سەرچاوەی دانانی ئەم بەهایە بۆ متمانە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی باوەڕداری بە ئیسلام لەلایەک و پەیڕەوکردنی دابونەریتی کۆنی کوردەواری لەلایەکی دیکەوە، چونکە مێژووی کورد هەرگیز لەو کەسانە خۆشنەبووە کە متمانەیان شکاندووە و متمانەی هاوڕێ و کەسانی چواردەوریان لەدەست داوە.

لە ڕۆمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی کەم ڕۆمان هەیە بەسەرهاتێکی یان ڕووداوێکی دەربارەی متمانە تێدا نەبێت، بە باسکردن لە پاراستنی متمانە یاخود شکاندنی متمانە و خیانەتکردن، لەو چوارچێوەشدا ڕۆمانەکانی سابیر ڕەشید باس لەسەرجەم بەها کۆمەڵایەتییەکان کراوە بەتایبەت متمانە و دروستبوونی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای متمانە. وەک دەبینین هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە (ئیسحاق مۆشێ) ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە تەواوی خۆی دەناسێنێت بە (سابیر ڕەشید، بێستوون سەرەتان) دەیەوێت ئەوانیش بناسێت بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر خزمەتیان بکات." ئیسحاق بەجۆرێ هۆگری ئێمە بوو، چوون ساڵانێک یەکدی بناسین ئا بەو ئاو وهەوایە ڕووی قسەی لە هەردووکمان کرد و وتی: (وا من خۆم پێناساندن، پێمخۆشە ئێوەش خۆتانم پێبناسێنن)"(ڕەشید، ٢٠١٩، ٩). کەواتە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم پەیوەندییە بووونی متمانەیە لە نێوان ئەم سێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارەکتەرەدا، وەک سێ کەسێتی بەجۆرێك ڕەنگە لەو یانە شەوانەدا بە دەیان و سەدان کەسیتر هەبێت، بەڵام (ئیسحاق مۆشێ) هەرگیز ئامادە نەبووە کە نهێنییەکانی خۆی بۆ هیچ کەسێکیان باس بکات، بەڵام هەرچەندە یەکەمجارە ئەم دوو کارەکتەرە کوردە دەبینێت لەسەر بنەمای متمانە وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی هاوبەش لەنێوانیاندا وەک نەتەوەی کورد، هەر لەیەکەم بینینەوە ئامادەیە بەتەواوی خۆیان پێبناسێنێت و بیانباتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی کە ئەوەش ڕەهەندی کۆمەڵایەتی قوڵی هەیە بەلایەنی میللەتی کوردەوە، کە هەرکەسێک تەواو متمانەی پێنەکرێت نابرێتەوە بۆماڵ و تێکەڵاوی خێزان ناکرێت. لە هەمان ڕۆماندا ڕۆماننووس باس لە نەمانی متمانە و شکانی متمانە دەکات، کە بەهۆیەوە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە پەشیمانە لەوەی کە هاوکاری کەسانێکی کردووە.

**دووەم: ڕاستگۆی :**

ڕاستگۆی یەکێکە لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی هەموو کۆمەڵگایەك، کە دەکرێت ببێتە بنەما بۆ سەرجەم بەها کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، چونکە لە ئەگەری نەمانی ڕاستگۆیدا ناتوانرێت هیچ بەهایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەستپێبکرێت وەک بەهاکانی متمانە و بەڵێن و وەفا و هاوکاریکردنی یەکدی... هتد. لە ڕۆمانی شمشێری مووسادا باسی کاریگەری ڕاستگۆی کراوە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، کاتێک سابیر ڕەشید لە ئیسحاق مۆشێ دەپرسێ بۆچی هاوکاری ئەو کەسانە ناکەیت کە دەیانەوێت بچنە ئیسرائیل دەڵێت: " _ من جارێکی دیکە خۆم شەرمەزار ناکەم و پەندم وەرگرتووە، کە لە باڵوێزخانەبووم و بەرپرسی ئەم فایلە بووم هەڵم بۆدان و بردمن.

**_ئەدی بۆچی پەشیمان بوویتەوە؟**

_ چونکە دوای ئەوە کە هاتنە تەلئەبیب و ڕەگەزنامەی ئیسرائیلیان وەردەگرت، پاسپۆرتیان دەردەهێنا... وردە وردە ئەو خیزانانە دەچونە ئەوروپا، تەنانەت زانیاریمان هەبوو هەندێک لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خیزانانە بۆ ئەوەی خوا لێیان خۆشـبێت گوناهی خۆیان پاک دەکەنەوە، کە تەعمید کراون و بەناو بوونەتە جوو، دەچونە حەج"(ڕەشید، ٢٠١٩، ٢٢٧) واتە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک کەس ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ ئیسـحاق موشـی ودرۆیان لەگەل خۆیان و بیروباوەڕ و ئیسـحاق دا کردووە، ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی ئیســحاق لەکارەکەی دەربکرێت، کە دەیتوانی لەو پۆســتەیدا خزمەتێکی زۆر بە جووەکانی کوردستان بکات.

**سێیەم: هاوکاریی و دەستگرتن لە تەنگانەدا :**

هـاوکـاریکردنی یـەکـدی لـە کۆمـەڵگـای کوردیـدا مێژوویـەکی دوورودرێژی هـەیـە، بـەجۆرێـک دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمانێک کە خەڵکی لە لادێکاندا پێکەوە کاریانکردووە و هاوکاری یەکدیان کردووە لە تەواوکردنی ئیش و کارەکانی ڕۆژانەیاندا، بەمەش وتراوە کاری هەرەوەزی، بەڵام پاش بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگای کورد و زیاتر کرانەوەی بەڕووی جیهاندا، تا ڕادەیەک ئەم هاوکاری کردنەی یەکتر بەرەو کەمبوونەوە چووە، بەڵام بێگومان هەتا ئێســتاش لەژێر کاریگەری ئەو کلتور و بەها کۆمەڵایەتییە جوانانەی کۆمەڵگای کوردیدا لە زۆر جێگا دەبینین خەڵکی بەبێ هیچ مەبەســتێک هاوکاری یەکدی دەکەن ئیدی یان لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی بێت یان خزمایەتی و هاوڕێیەتی و لایەنی کۆمەڵایەتی بێت،  بەجۆرێک کە لە کلتوری کۆمەڵگای کوردیدا ناوی ئەو کەســانە هەمیشــە بەزیندووی دەمێنێتەوە کە هاوکاری خەڵکی دەکەن، وەک دەبینین لە ڕۆمانی شــمشــێری مووســادا، بەچەندین شێوە کارەکتەرەکان ئامادەی هاوکاریکردنی یەکدین، هەرچەندە (ئیسحاق مۆشێ) خۆی کەسێکی دەوڵەمەندە و پێویستی بە هاوکاری نییە، بەڵام هاوڕێکانی هەمیشە هاوکاری دەکەن کاتێک لە ئیسرائیل دەگەڕێتەوە بۆ کوردسـتان."نیوەڕۆ چووم ئیسـحاقم لە هۆتێل هێنایە دەرەوە و لە ماڵێ خۆمان داوەتم کرد"(ڕەشید، ٢٠١٩، ١٧٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داوەتکردن نەریتێکی کۆنی کۆمەڵایەتییە کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و زیاتر دۆستایەتی دروست دەکات لە نێوان خەڵکیدا، هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری یەکدی بکەن لەکاتی تەنگانە و ئەو کاتانەی پێویستیان بە یەکدی دەبێت، وەک دەبینین لە پاش داوەتکردنە کە (بیستونی سەرەتان) بەم جۆرە باسی هاوکارییەکانی خۆی دەکات بۆ ئیسحاق مۆشی و دەڵێت" شەو لەگەڵ ئیسحاق بە لایتێکی پاتری گەورەی زۆر بەهێز چوینە ناو کۆنە کەنیشتەی جاران... دەستمان کرد بە هەڵکۆڵینی ژێر میحرابی کەنیشتەکە، دەم نا دەم دەمگوت ئێستا بریسکەی شمشێرەکە لە چاوم دەدات، زۆرمان هەڵکۆڵی"(ڕەشید، ٢٠١٩، ١٨٠) واتە سابیر ڕەشید و بێستونی سەرەتان بەهۆی ئەوەی کە ئیسحاق مۆشێ لە عەمان داوەتی کردن و هاوکاریکردم بەهەمان شێوە ئەوانیش لێرە هاوکاریان کرد و هەوڵێکی زۆریان لەگەڵدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کە دۆزینەوەی (شمشێر موسا) یاخود دۆزینەوە (خونچە)ی خۆشەویستی بەیارمەتی ئەوان، هەرچەندە ئیسحاق بەهیچ یەکێک لەو ئامانجانە نەگەشت، بەڵام لەلایەن هاوڕێکانییەوە بەهەموو شێوەیەک هاوکاری کرا، کە ئەوەش بوو بەهۆی زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکەیان.

**چوارەم: برایەتی و تەبایی:**

ڕەنگە بەدرێژای مێژوو هیچ نەتەوەیەک هێندەی کورد باجی خۆخۆری و دژایەتی کردنی یەکدی لە ناوخۆدا نەدابێت، لەبەر ئەوە هەوڵدان بۆ تەبایی و برایەتیی بووە بە پرسێکی سیاسی و ڕامیاری و بەهایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی، چونکە لەگەڵ هەر ئەگەرێکی تێکچوونی تەبایی هێز و لایەنە سیاسییەکان یاخود عەشیرەت و کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت، هەرچەندە خۆشیان بەشێک نەبن لەو ململانێ و کێشەیە، یاخود نا تەبایی و دووبەرەکی بەهۆی بیروباوەڕی ئایینییەوە، ئاشکرایە کە لە کوردستان ئاینی ئیسلام ئاینی زۆرینەی خەڵکەکەیەتی، بەڵام هەمیشە لانکەی پێکەوە ژیانی خاوەن بیروڕاو ئاینییە جیاوازەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە، کە ئەوەش ڕەگێکی مێژووی هەیە و وەک دەبینین لە زۆربەی شـــار یاخو قەزا گەورەکانی کوردستان جووەکان وەک خاوەن ئاینێکی جیاواز ڕێزلێگیراو بوون و تائێستایش گەڕەکەکانیان ماوە کە بەناوی جووەکانەوە ناسراوە.

سـابیر ڕەشـید لە ڕۆمانی (شـمشـێری مووسـا)دا، ئەم برایەتی و تەباییەی نیشـانداوە، کە چۆن لە شـــەقلاوەدا هەموو پەیڕەوکەرانی دینە جیاوازەکان وەک برا پیکەوە ژیاون، ئیسـحاق موشـێ بەم جۆرە باس لەو پێکەوە ژیانە دەکات ."ئێمە وەک مسـولمان و دیان و جوو ڕەوتارمان لەگەڵ یەکدیدا نەدەکرد، بگرە وەک دراوسـێ و یەک میللەت ڕەوتارمان دەکرد. ئەگەر چی لە ئاینیشـدا لە یەکدی جوایەز بووین"(ڕەشـید، ٢٠١٩، ٢٢)بەڵگەی مێژووی لەسـەر ئەو پێکەوە ژیان و تەباییەی کە لە نێوان پەیڕەوکەرانی ئاینە جیاوازەکانی کوردسـتاندا هەیە بە تایبەت لە بەشـدارییپێکردنیان لە بەڕێوبردنی کوردستاندا هەر لەسەردەمی (شێخ مەحمودی نەمر)ەوە. وەک یەکەم مەلیکی کوردستان، کە پۆستی بەرپرسی دارایی حوکمەتەکەی داوە بە کەسێکی جوو بە ناوی (کەریمی عەلەکە)، بەڵام ئەم تەبایی و برایەتیە هەمیشـە لەلایەن کەسـانی بەرژەوەندی خوازەوە هەوڵی تێکدانی دراوە و هەموو کارێکیان ئەنجامداوە بۆ درووستکردنی ناکۆکی لە نێوان ئەو چینەی کۆمەڵگادا کە ویستویانە بە ئاشتیانە وەک برا پێکەوە بژین.

**ئەنجامەکان:**

**یەکەم:** پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی بەهێز و یەک ئاراستەیە، واتە گەشسەندنی ئەدەب هاوتەریبە لەگەڵ بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵگا،بەشـێکی زۆری ئەدەب بۆ خزمەتی کۆمەڵگا و پێشخستنیەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم**: سابیر ڕەشید لە ڕۆمانەکانیدا دەستی خستووەتە سەرجەم کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و تاڕادەیەکی باش هەوڵیداوە بێلایەنانە وێنەی گەورەری کۆمەڵگەی کوردیمان پیشانبدات لە سەرجەم لایەنە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**سێیەم**:دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی شمشێری مووسای سابیر ڕەشید دا، توانراوە وێنەیەکی واقیعی گەورە و ڕوونی کۆمەڵگای کوردی پیشانی خوێنەر بدات، بەشی هەرەزۆری کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی بخاتە ڕوو.لەگەڵ ئەوەی کە بابەتی سەرەکی خستەنەڕووی ئەو کێشەوگرفتە کۆمەڵایەتیانەیە کە بۆ جووەکانی کوردستان دەهاتە پێش،بەهۆی ئەوەی کە کەمینەیەکی ئاین جیاوازبوون لە کوردستان.

**چوارەم**: کێشە و گرفت و پێشێلکردنی مافی ئافرەت ، یەکێکە لە باسە سەرەکییەکانی ڕۆمانی شمشێری مووسا، کە سەرجەم کێشە و گرفتەکانی وەک ( ڕەدوکەوتن وهەڵگرتنەوەی ژن و لاقەکردن ...هتد) باسکراوە، ئەوەش بە تەواوی ڕەنگدانەوەی پێگە و شێوازی ژیانی ئافرەتە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**پێنجەم**: ڕۆماننووس تەنها ئاماژەی بە گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەداوە بەڵکو چەندین بەهای کۆمەڵایەتی بەرزی نێو کۆمەڵگای کوردی دەستنیشان کردووە، کە تاکی کورد دەتوانێت شانازیی پێوە بکات،وەک بەهای یەکترقبوڵکردن و هاوکاریکردنی یەکتر و متمانە و وەفا و بەڵێن و ڕاستگۆی و ئازایی...هتد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لیستی سەرچاوەکان:

زمانی کوردی / کتێب :

- ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٢٠، سەرەتایەك دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، چاپخانەی تاران.
- حوسێن، د.هیمداد، ٢٠١٠، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ ی کوردی، چاپخانەی باز، هەولێر، چاپی دووەم.
- حەسەن، د.ئیحسان محەمەد،٢٠٠٥ ، سۆسیۆلۆژیا لای مارکس و ڤیبەر، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە دانا مەلا حەسەن، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- ڕەشید، سابیر، ٢٠١٩، شمشێری مووسا، چاپی دووەم، چاپخانە تاران.
- موحسنی، مونوچهر، ٢٠٠٢ ، دەروازەکانی کۆمەڵناسی،وەگێڕانی،کومەڵێك نوسەر،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان،هەولێر،چاپی یەکەم
- مونیف، عەبدولرەحمان، ٢٠٠٦ ،و.شیرین، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
- میراودەلی، د. کەمال، ٢٠٢١ ، فەلسەفەی جوانی و هونەر_ئیستاتیکا،کتێبخانەی مێخەك،چاپی سێیەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- مەنتك، حەمە، ٢٠١٨ ، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی(ڕەخنەی ئەدەبی لەڕوی تیۆرییەوە) نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، چاپی یەکەم

- قەتوس، د.بەسام، ٢٠١١ ، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی د.محمد تاتانی، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم.

- کۆمەڵێك نوسەر، ٢٠٠٧ ، فەلسەفە-میتۆد-کۆمەڵناسی ئەدەبیات، وەرگێڕانی هادی محەمەدی، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان.

- کریم، ئازاد عبدالواحد، ٢٠١٣ ، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لە ڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینییەکانەوە(شیعری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەبە نمونە، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، چاپی دووەم .

- سلێوە، پ.ی.د. هاوژین، ٢٠٢٠ ، ڕەخنەی پراکتیکی، چاپی سێیەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

- سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠٠٦ ، مرۆڤ وەك بەخشندە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.

- نورەدین، بوار، ٢٠٠٧، ڕەدووکەوتن لە کەلتوری کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- ناصر، د. ئیبراهیم، ٢٠٢٠ ، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، وەرگێڕانی دانا نادرمحمد، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژارموکریانی، چاپی سێیەم

- فضل، د. صلاح، ٢٠١٦ ، میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی پ.ي.د.سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم.

- قانع، برهان، ١٩٧٩ ، بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادێ نشینی کوردەواری، چاپخانەی ئیرشاد، بغداد.

- نامەی ماستەر و دکتۆرا:
- - ئەحمەد، هەژار سلێمان، ٢٠١٥ ، ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەشیعرەکانی حاجی قادرو بێکەسدا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
- حەمەد، کانیاو ڕەحمان، ٢٠١٥ ، ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەڕۆمانەکانی کریم کاکە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- صالح، ئاوارە کمال، ٢٠١٠ ، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لەشیعرەکانی گۆراندا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- **ڕۆژنامە و گۆڤار بەزمانی کوردی:**

- ڕشید،د. فوئاد، ٢٠٠٧ ، کێشەی میتۆدلەڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان،ژ. (١١٦).

- قادر، ئارام محمد، ٢٠٢٢ ، ئاکارو بەها کۆمەڵایەتییەکان لە دەقی شیعری (قانیع و دڵی)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوە عەرەبیەکان:

- حجازي، د.سمير سعد، 2001 ، النقد الادبى المعاصر(فضاياة و اتجاهات. ط 1، دار الافاق العربية، القاهرة.

- سارتر، جان بول، 1990، ما الأدب،ترجمة د. محمد غنيمي هلال، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة.

- أبو شقرا، محي الدين يوسف، 2005 ، مدخل إلى سوسيولوجيا الأدب العربي (الغزل ـالمديح ـ الهجاء نموذجاً)، المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى .

- تادييه، جان ايف، 1993 ، النقد الأدب في قرن العشرين، د.قاسم المقداد، منشورات وزراة الثقافة، المعهد العالي للفنون المسرحية،دمشق.

- حجازي، د.سمير سعد، 2001 ، النقد الادبى المعاصر(فضاياة و اتجاهات. ط 1، دار الافاق العربية، القاهرة.

- ويليك، رينيه ـ وارن، اوستن، 1987 ، نظرية الأدب، ترجمة محي الدين صبحي،المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت .

- يسين، السيد، 2007 ، التحليل الأجتماعي للأدب، دار العين للنشر، الطبعة الثالثة، القاهرة

فەرهەنگ

- وهبة، مجدى، 1974 ، معجم المصطلحات الأدب(انكليزى- فرنسى- عربى) مكتبة لبنان، بيروت.

## Social criticism of Sabir Rashid's novel" The Sword of Moses"

**Darsim Saeed Sharif**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, koya university, koya, Kurdistan Region

darsim.saeed@koyauniversity.org

**Asst.Prof. Dr.Azad Mohamad Saeed**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, koya university, koya, Kurdistan Region

azad.mohammed@koyauniversity.org

Keywords: *Sabir Rashid , Novel ,The sword of moses, Social issues, social values.*

**Abstract**

Throughout the history of humankind and since the formation of various communities, each of these groups has gained a set of specific values and principles. Violating each of these values and principles leads to social issues, in which individuals face criticism and other problems. The reasons are some of these values and principles have national, religious and educational / upbringing aspects that bring wellbeing and stability to the whole community, in general. However, there are some

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

social issues that need to be solved or things need to be reorganized somehow to cope with the advancement of the communities. The individual lives should not be ruined because of the observation of the old cultural and traditional values.

Novels as a main genre of literature is a convenient way to understand and recognize social issues of various communities around the world. In Kurdish literature, the Sabir Rashid novel reflects the whole Kurdish community. It depicts the social issues and the values and principles, objectively and non-fundamentally.

**ملخص:**

على طول حيات الانسانية و بعد نشؤ المجتمعات الانسانية المختلفة و كل مجتمع اصبح صاحب قيم الاخلاق خاصة به، و اي انحراف في هذا القيم يؤدى الي خلف مشاكل الاجتماعية و يعرض الفرد الى المشاكل،لانه جزء من هذه القيم لديها طابع القومى والدينى و التربوي الذي يؤدي الي الاستقرار الأمن لمجتمع عموماً.

لاكن هناك عدد المشاكل الأجتماعية يجب ان يغير او يتم أعادة تنظيمة شكل يتناسب مع تطور المجتمع عدم تمسك العادات و التقاليد القديم و تخريب المجتمع . الرواية عنصر الأساسي من عناصر الأدب موزوع مناسب للفهم و معرفة قيم مشاكل الأجتماعية في المجتمعات الأنسانية و في الأدب الكردي تعتبر روايات (صابر رشيد) مرأة لعرظ مشاكل مجتمع الكردي بدون تعصب القومي.